با ڕەحمەت وبەرەکەتە لە لایەن خوداوە، ڕەحمەت دەهێنێت، وسزا دەهێنێت، ئەگەر بینیتان ئەوا جوێنی پێمەدەن، وداوای ئەو خێر وچاکەیە بکەن لە خودا کە بەهۆی ئەو بایەوە تووشتان دەبێت، وپەنا بە خودا بگرن لەو شەڕ وزیانەی کە بەهۆی ئەو بایەوە تووشتان دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «با ڕەحمەت وبەرەکەتە لە لایەن خوداوە، ڕەحمەت دەهێنێت، وسزا دەهێنێت، ئەگەر بینیتان ئەوا جوێنی پێمەدەن، وداوای ئەو خێر وچاکەیە بکەن لە خودا کە بەهۆی ئەو بایەوە تووشتان دەبێت، وپەنا بە خودا بگرن لەو شەڕ وزیانەی کە بەهۆی ئەو بایەوە تووشتان دەبێت».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

با لە هۆکارەکانی ڕەحمەتی خوای گەورەیە -سبحانه وتعالى- کە بۆ سەر بەندەکانی دەینێرێت، سزا یان ڕەحمەت دەهێنێت، بەهۆی ئەم بایەوە خەڵکی خێر وبەرەکەتیان دەستدەکەوێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {وَأَرۡسَلۡنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ}[الحجر: 22]، واتە:{و با (هەوا) مان ناردووە کە پیتێنەری دار ودرەخت بێت}، وهەروەها دەفەرموێت: {ٱللَّهُ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَيَبۡسُطُهُۥ فِي ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ يَشَآءُ وَيَجۡعَلُهُۥ كِسَفٗا فَتَرَى ٱلۡوَدۡقَ يَخۡرُجُ مِنۡ خِلَٰلِهِۦ}[الروم: 48]، واتە:{خودا زاتێکە ئەو بایانە دەنێرێت بۆ ئەوەی هەورەکان بجوڵێنن ئەمجا (ئەو هەورە) خودا چۆن بیەوێت بڵاوی دەکاتەوە بەئاسماندا و(ئەو هەورە) دەکاتە پارچەیەك (وکۆیان دەکاتەوە لەسەر یەکتر) ئەمجا دەبینی دڵۆپە دڵۆپەی باران لە نێو هەورەکەوە دەبارێت (دێتە خوارەوە)}، ولە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: {وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦٓ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا ثِقَالٗا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ}[الأعراف: 57]، واتە:{وئەو (خودا) زاتێکە بایەکان دەنێرێت بە موژدەدەر پێش (بارانی) ڕەحمەتی پەروەردگار هەتا کاتێک هەوری قورسی (باراناوی) هەڵدەگرن دەینێرین بۆ وڵاتێکی مردوو (وشکی بێ گیا) جا بەو (هەورە) باران دەبارێنین بەهۆی ئەوەوە هەموو بەرووبومێک دەردەهێنین (لە زەویدا) هەر بەو وێنەیە مردووەکان لە زەوی دەردەهێنین (وزیندوویان دەکەینەوە) هەتا ئێوە بیربکەنەوە}. وجاری وا هەیە با سزا دەهێنێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ }[فصلت: 16]، واتە:{ئەوسا ئێمە بایەکی زۆر بەهێزی ساردمان بۆ ناردن لە ڕۆژانێکی بەردەوام (وشوم)دا بۆ ئەوەی سزای ئابڕوو بەریان پێ بچێژین لە ژیانی دونیادا}، وهەروەها دەفەرموێت: {إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِي يَوۡمِ نَحۡسٖ مُّسۡتَمِرّٖ (19) تَنزِعُ ٱلنَّاسَ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٖ مُّنقَعِرٖ (20)}[القمر]، واتە:{بێگومان ئێمە بایەکی تووندی ساردمان نارد سەریان لە ڕۆژێکی شوومی سەختدا بە بەردەوامی (19) خەڵکی (لە زەوی) هەڵدەگرت وەك بنە دارخورمای لە ڕەگ هەڵکەندراوی (لێکردن) (20)}، ولە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: {فَلَمَّا رَأَوۡهُ عَارِضٗا مُّسۡتَقۡبِلَ أَوۡدِيَتِهِمۡ قَالُواْ هَٰذَا عَارِضٞ مُّمۡطِرُنَاۖ بَلۡ هُوَ مَا ٱسۡتَعۡجَلۡتُم بِهِۦۖ رِيحٞ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٞ}[الأحقاف: 24]،واتە:{جا کاتێك ئەو (سزایە)یان بینی پەڵە هەورێك بوو بەرەو شیوەکانیان دێت (دڵخۆش بوون) ووتیان ئەمە هەورێکە بارانی پێیە بۆمان (هود ووتی: نەخێر) بەڵکو ئەوە ئەو (سزایە)یە بەپەلە داواتان دەکرد، بایەکی بەهێزە سزای سەختی پێیە}. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ئەگەر بینیتان -مەبەست بینینی (با) یە- ئەوا جوێنی پێمەدەن): نابێت مسوڵمان جوێن بە با بدات؛ چونکە دروستکراوە ومەخلوقە وپەکێکە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە وبە فەرمانی ئەو کردەوە دەکات وخۆی هیچ کاریگەرییەکی نییە نە بە سوود ونە بە زیان مەگەر بە فەرمانی خوای گەورە نەبێت -عز وجل-، بۆیە جوێندان بە با وەکو جوێندانە بەو زاتەی دروستی کردووە وفەرمانی

پێدەکات، پەنا بە خودا، ئەویش خودایە -سبحانە وتعالی-. وهەروەها -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: (وداوای ئەو خێر وچاکەیە بکەن لە خودا کە بەهۆی ئەو بایەوە تووشتان دەبێت، وپەنا بە خودا بگرن لەو شەڕ وزیانەی کە بەهۆی ئەو بایەوە تووشتان دەبێت): دوای ئەوەی نەهی کرد لە ئومەتەکەی لەوەی جوێن بە با بدەن، ڕێنمونی کردن بەوەی لە کاتی هەڵکردنی بادا؛ داوای هەر خێرێک بکەن کە بەهۆی ئەم بایەوە تووشیان دەبێت، وپەنا بە خودا بگرن لە هەرزیانێک کە بەهۆی ئەم بایەوە تووشیان ببێت، وئەمیش مانای ئەوەیە نزا بکەن وبپاڕێنەوە لە خودا بەو نزایانەی کە لە سونەتدا هاتووە یان هەر نزایەکی تر کە داواکردنی تووشبونی خێرە بەهۆی ئەم بایەوە وپەناگرتنە لە خودا لە هەموو زیانێک بەهۆی ئەم بایەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8957